# كاتێ ماموّستاكانی زانكۆ بێدەنگ دەبن !

فایەق سەعید
faiek@hem.utfors.se

زانكۆ یەكێكە لەدەزگا هەرە بەتواناكانی كۆمەڵگا مەدەنییەكان و سەرچاوەی داهێنای ئەكادیمی و پەروەردەی لیبراله. لەهەر وڵاتێكدا دەسكاری زانكۆ كرابێ و پێوەرە زانستییەكان تیایدا رەچاو نەكرابێ، حیزب دەستی بەسەر زانكۆدا گرتبێ، ماموّستاكانی زانكۆ خەسێنراوون و بواری زانستی ئەو وڵاتە گەر و گول بووە. كاتێ حیزب توانای فیكری و سیاسی خۆی لەگەڵ كایە مەعریفییەكانی زانكۆدا بەراورد دەكات زانكۆ دەست لەملی ورد و خاشبوون دەكات. كاتێ حیزب خۆی لەزانكۆ بەپێتەوتر و زاناتر و گەورەتر دەزانێ، كاتێ زانكۆ دەبێتە درێژكراوەی حیزب و حیزب دەبێتە كرۆكی زانكۆ، ئەودەمە زانكۆ وەكو تووتیەكی گەورەی لێدێ و ساڵانە هەزارەها وردە تووتی دەرئەچوێنێ كە زوربەی هەرە زۆریان وەڵامێكیان پێ نیە بۆ گرفتەكانی كۆمەڵگای كوردی.

تەواوی زانكۆكانی ئێمە لەگیانەڵای مەرگدان و تونای بەربەرەكانی ژیانێكی مەدەنیان نیە. ساڵانە چەندین كارەساتی گەورە لەزانكۆكانی ئێمەدا دێنە گۆڕێ كەهەموومان لێی بێدەنگ بووین و زانكۆكانیش نە گوێ لە خەڵك دەگرن و نەخۆشیان توانای ئەوەیان هەیە گۆڕانكارییەكی ئەوتۆ بهێننە ئاراوە.

من قەناعەتێكی تەواوم بەوە هەیە بەشێكی گەورەی زانكۆكانی ئێمە لەئاستی قوتابخانە ئامادەییەكانی رۆژئاوادان و لەروانگەی پەروەردەییشەوە تەنانەت لە ئاستی باخچەی مناڵانی وڵاتە رۆژئاواییەكانیشدا نین. ئەڵبەتە رەنگە راست نەبێ سەرجەمی شتەكان وابێت، هەندێ جار یا لەهەندێ بواردا كاری باشیش دەكرێ، بەڵام من لێرەدا باس لە سیستمێكی خوێندنی كۆن دەكەم كە وەڵامی ئەو پرسیارانەی پێ نیە كە ئەمرۆ كۆمەڵگای كوردی ئاراستەی دەكات. باس لە سیستمێكی خەسێنراو دەكەم كە لەبنەوە هەڵوەشاوەتەوە و توانای بەردەوامیی نەماوە.

یەكێك لەخاڵە بنەڕەتییەكانی تەنانەت قوتابخانە سەرەتاییەكانی رۆژئاوا ئەوەیە كەچیتر نابێ وانە یا زانست بوترێتەوە بەڵكو دەبێ بەرهەم بهێنرێت. واتە دەبێ تازەترین باس و لێكۆڵینەوەی زانستی نخرێنە بەردەست قوتابیان بۆ ئەوەی ئەوان بتوانن شتی تازەی لێ بەرهەم بێنن. بەڵام دەبێ زانكۆ ئەو خوێندكارانە بەشێوەیەكی وا پەروەردە بكات كەتوانای ئەو بەرهەم هێنانەوەی زانستەیان هەبێ. دەبێ قوتابیان لەرێگەی لێكۆڵینەوە و چالاكییەكانی خۆیانەوە بەشداری لەدروستكردنی ئەو پێوەرانەدا بكەن كە كۆمەڵگای كوردی دەبێ لەسەری رابوەستێ. دەبێ زانكۆ بەو گیانەوە خوێندكاران پەروەردە بكات كە لەمرۆڤی كوردا ئادەمیزادێكی ئازاد ببینن كە نابێ سنووری ئازادییەكانی لەلایەن حیزب و دەزگاكانەوە ببەزێنرێ و هەمیشە فێری ئەوە بكرێن كە ئەو تاكە شتێك نیە بتوانرێ ئازادییەكانی لێ زەوت بكرێ و لەبەهای كەم بكرێتەوە.

هەموو تاكەكان لە سەركردەووە تا چلورە فرۆشەكان هەمان بەهایان هەیە. بەدڵنیاییەوە دەڵێم ئەو زانستەی لە قوتابخانە ئامادەییەكانی رۆژئاوادا بەرهەم دێت و ئەو پەروەردەیەی لەوێ پیادە دەكرێ زۆر لەئاستی زانكۆكانی ئێمە باشترن. ئەڵبەتە هیچ شتێ بە موتلەقی باس ناكەم و دەبێ لێرەدا ئاست و تەمەن و بواری هەردوو زانكۆ و قوتابخانە ئامادەییەكانیش لەبەر چاو بگیرێ. من بەدڵنیاییەوە ئەم شتە دەڵێم چونكە پرۆسەی پەروەردەیی ئاوا بەڕێوە ناچێ.

بڕوانن، یەكێك لە ئەركە بنەڕەتییەكانی زانكۆ ئەوەیە فیكر و زانستی نوێ بەرهەم بێنێ. هەموو لایەنەكانیش چاویان لەدەستی زانكۆكانە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو زانست و بەرهەمە فیكرییە نوێیانە كە لەبەر رۆشناییان كۆمەڵگا و هەزارەها رووداوی هەنوكەیی و پاشە ڕۆژیش دەتوانرێ شیبكرێتەوە. ئایا ئێمە دەتوانین ئەو كارە لەوڵاتی خۆماندا بكەین؟ زانكۆكانی ئێمە كام فیكریان بەرهەم هێناوە و كام داهێنانەیان هێناوەتە كایەوە كە توانای ئەوەی هەبێ ببێتە سەرچاوەیەكی مەعریفی بۆ بەرهەمێنانەوەی كایەیەكی نوێ؟ ئایا زانكۆ و حیزب كامیان دەستی لەچاوی ئەوی ترە و كامیان پرنیسپ و ئەنجامی كارەكانی ئەوی تریان پیادە دەكات؟ بەڵام لەبەرامبەر ئەمەشدا دەتوانین ئەوە بڵێین كە زانكۆكان توانیویانە دیواری حیزب ئەستوور بكەن و دیاردە نازانستییەكان كە لەلایەن حیزبەكانەوە و لەبەر بەرژەوەندی خودی حیزبەكان لێرە و لەوێ پیادە دەكرێن، بەرجەستەتر بكەن.

حیزب ئەورۆ دەزگایەكی زۆر گەورەیە و تەواوی بوارەكانی لەبەر رۆشنایی بێدەنگبوونی رۆشنبیری كوردا، سەقەت كردووە. حیزب لەچەسپاندنی دیاردە نامەعریفییەكاندا سەركەوتنێكی گەورەی بەدەست هێناوە. نە رۆشنبیری كورد و نەخودی ماموّستاكانی ناو زانكۆش ورتەیان لەدەم نایەتە دەرەوە. كەزانكۆ تێكدەچێ بەپلەی یەكەم ئەركی ناوەوەی زانكۆیە بەرگری لەخۆی بكات لەپێناوی پاراستنی خۆیدا. بەڵام كاتێ زوربەی ماموّستاكان دەبنە موچەخۆری زانكۆ و زانكۆش دەبێتە پاشكۆی حیزب، ئەودەمە موچەخۆرەكان پشتی دیاردە نا مەعریفییەكان و حیزبیش ئەستوور دەكەن. من رووی دەمم لە حیزب نیە وەكو یەكێك لە رێكخراوەكانی ناو دەوڵەت، چونكە هەموو حیزبێ بۆ خۆی هەوڵی جوانتركردنەوەی خۆی دەدات. بەڵام رووی دەمم لەو ماموّستایانەیە كە ئاستی زانكۆیان داگرتۆتە رادەیەكی ئەوتۆ كە. . . . .

لەبەرامبەر هەموو ڕووداوەکاندا تەنها مامۆستای زانکۆکانن کە بێدەنگن! تەنها ئەوانن کە هیچ هەڵوێستێکیان نیە و ڕەخنەیان لەبیر چۆتەوە! لەهەموو کەس زیاتر بەردەوامی بەو سیستمە تووتیانەی ناو زانکۆ دەدەن. خۆ ڕەنگە زوربەی بێدەنگەکان لەبەر ئەوەیان بێت لەزانکۆ دەر نەکرێن و بێ مووچە نەمێننەوە، بەڵام مەرج نیە لەهەموو هەنگاوێکدا دژی حیزب بن و ڕەخنە لە حیزب بگرن، بەڵکو زۆر جار دەکرێ هەڵوێستی ئەوان بریتی بێ لە ڕوونکردنەوەی ڕاستییەکان و ڕەخنەگرتن لەکار و چالاکی یەکێکی تری ناو زانکۆ. من ئەوەم پێی خۆش نیە بڵێم بەلایەنی کەمەوە بەشی هەرە گەورەی مامۆستاکانی زانکۆ لەئاستی مەسەلە گەورەکاندا بێ هەڵوێستن، من هیچ لەو وتار و لێکۆڵینەوانەی ئەوانم بەرچاو ناکەوێ کە تیایدا ڕێچکەیەکی زانستی و ڕەخنەییان پیادە کردبێ. هەڵوێستی و پشتگیری ئەوان لەخوێندکارەکانی خۆیان بەدی ناکەم و ئەگەر هەشبێت ئەوەندە شەرمنانەن ڕووی ئەوەیان نیە خۆیان لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان دەرخەن بۆ ئەوەی سەرجەم بەیەکەوە تاوتۆیان بکەین.

لێرەدا ناشوێرم باس لەو لێکۆڵینەوە زانستیانە بکەم کە مامۆستاکان لەسەر مەسەلە بنەڕەتییەکانی خوێندکارەکان ئەنجامیان داوە چونکە گومانم لەبوونیان هەیە. من بەکارێکی ڕاستی نازانم مامۆستاکان لەئاستی خۆپیشاندانی خوێنکارەکان بێدەنگ ببن. بۆ زانکۆ ببێتە پاشکۆی حیزب؟ بۆ ڕێکخراوی خوێندکاران ببنە پاشکۆی حیزب و خوێندکاران دارکاری بکەن و ڕاپێچی دەزگاکانی ئاسایشیان بکەن؟ بۆ لە خوێنکاران بدرێ و دەر بکرێن و. . . هتد. بۆ مامۆستاکان لەئاستی ئەم هەموو شتانەدا بێدەنگن؟ خۆ وێرانکردنی وڵاتێ تەنها لەرێگەی تۆپ باران کردنەوە نابێ.

هەندێ لە مامۆستاکان هیچ نەبێ 30 ساڵە خاوەنی دوکتۆران بەڵام هەموو بەسەر یەکەوە 10 کتێبی ئەکادیمی پوختیان لەبازاڕدا نیە، ئەمە جگە لەوەی هەندێکیان بەخراپ و باش ئەوەندە کتێبیان نیە. نەك ئەوە تەنانەت لە نووسینەوەی لێکۆڵینەوەی زانستیدا کورتهێنانێکی گەورە هەیە. دیقەتدانی ئەو لێکۆڵینەوانەی کە بڵاودەکرێنەوە نیشانەی ئەوەیە کەمێتودە زانستییە نوێکان هێشتا نەگەشتۆتە دەستی ئەو مامۆستایانە. بێگومان مامۆستاکان بەشێوەیەکی بەردەوام گلەیی لەئاستی زانستی خوێنکارەکان دەکەن و پێیان وایە لە ئاستی پێویستدا نین. من بەتەواوی لەگەڵ ئەو مامۆستا بەڕێزانەدام، چونکە خوێنکاری کورد زۆر زۆر کەم دەخوێنێتەوە فێری ئەوە نەکراوە پەرە بەخۆی بدات. بەبەراورد لەگەڵ ڕۆژئاوادا هەموو خوێندکارێکی زانکۆ بەلایەنی کەمەوە پێنج بەقەدەر خوێنکارێکی کورد دەخوێنێ و کۆنترین سەرچاوەکانیشی لەوانەیە دوو سێ ساڵێك کۆن بێت. لەزۆر لەم وڵاتانەدا خودی تاقیکردنەوەکان لەشێوەی نووسینی لێکۆڵینەوەی زانستیدان هەر یەکەیان بەرهەمێکی پوختی لێدەردەچێ. هەر خوێندکارێ لەماوەی یەك ساڵدا بەقەدەر هەر چوار ساڵەکەی ئێمە دەخوێنێ.

من دەزانم خوێندکاری کورد لەو ئاستەدا نیە، بەڵام خوێندکار ناتوانێ لەخۆڕا بگاتە ئەو ئاستە. دەبێ مامۆستاکان خۆیان بگەیەننە ئاستی مامۆستایەکی ئەوتۆ کەتوانای بەرهەمێنانەوەی هەبێ و شارەزای بەرهەمە فیکری و زانستییە تازەکان بێ و بتوانێ ساڵانە چەندین لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی بەرهەم بێنێ و سەر لەتیورییە تازەکانی بواری پەروەردە و دیداکتیك دەربکا. دەبێ مامۆستایەکی زانکۆ لەو ئاستەدا بێت بۆ ئەوەی بتوانێت بەشێوەیەکی ئەوتۆ لەگەڵ خوێندکارەکاندا کار بکات کە لەودا هەنگاودا توانای بەرهەم هێنانەوەی فیکر و زانستیان هەبێ. بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە چەند مامۆستا هەیە لەتیورییە تازەکانی پەروەردەو دیداکتیك (زانستی وانە ووتنەوە) شارەزا بێ و ساڵانە چەند بەرهەمێکی فیکریی و زانستی و ئەکادیمی هەبێ و. . . هتد.

تاوەکو ئێستاش وانە لەتەواوی قوتابخانەکان و زانکۆکانیشدا بەو شێوازە کۆنانە دەوترێتەوە کە من ناوی دەنێم سیستمی تووتی. مامۆستا ئەوە دەڵێتەوە کە لەکتێبەکەیدا نووسراوە و خوێندکاریش وەکو تووتی دێڵێتەوە چونکە وا فێرکراوە. زیرەکترین خوێندکار ئەو کەسەیە کەبتوانێ زۆرترین لاپەڕە لەبەر بکات، بۆیە لەهەل و مەرجی ئاوادا زانست و مەعریفە هەرگیز بەرهەم ناهێنرێت. لەرۆژئاوا لەگەڵ قوتابیانی سەرەتاییشدا بەو جۆرە کار ناکرێ. ئەمە جگە لە خەساندنی بەرهەم هێنانەوەی زانست و فیکر نەبێ هیچی تر نیە.

بەشێکی زۆر کەمی مامۆستاکان دەرچووی زانکۆ ڕۆژئاواییەکانن، هەروەها بەشێکی زۆریشیان دەمێکە خوێندنی زانکۆیان تەواوکردووە. واتە بەشی هەرە زۆری مامۆستاکان چەندین ساڵ دەبێ خوێندنیان تەواو کردووە و دەرچووی زانکۆکانی عیراق و وڵاتە کۆمەنیستییەکانن و لەو سەردەمە بەدواشەوە دەستیان بەسەرچاوە تازەکان ڕانەگشتووە چونکە توانای کرین و هێنانی ئەو سەرچاوانەیان نیە لەدەرەوەی کوردستان. ئەڵبەتە کەمال مەزهەریش دەرچووی ئەو وڵاتانەیە، بەڵام ئەم پیاوە زیاتر بەهەوڵی خۆی گەشتۆتە ئەو پلەیە نەك لەبەر ئەوەی ئاستی زانکۆکانی شورەوی بەرزن. بەشێوەیەکی گشتی ئاستی زانستی ئەو وڵاتانە لەئاستێکی ئەوتۆدان بەهیچ شێوەیەك ناکرێ لەگەڵ ڕۆژئاوادا بەراورد بکرێن. ساڵانە چەندین کەس دەبینم لەو وڵاتانە خوێندنیان تەواو کردووە کەهیچیان لەئاستی زانکۆکانی عیراق باشتر نیە. لەوێش زانکۆ ببووە پاشکۆی حیزب و حیزبایەتی بەرهەم دەهێناو بەرهەمی نافیکریی بەرجەستە دەکرد و هەموو شتێکیش لەپێناوی بەرز ڕاگرتنی حیزبدا بوو.

ئەڵبەتە نامەوێ بڵێم ئەوانەی لەو وڵاتانە زانکۆیان خوێندووە کوناهیان کردووە یا هیچ نازانن، بەڵکو من لێرەدا بەراوردی ئاستی دوو کۆمەڵە وڵاتی جیاواز دەکەم کە ئاسمان و ڕێسمانیان فەرقە و ئەو جیاوازییەش وا دەکات کە کۆمەڵێکیان زانست و فیکر بەرهەم بێنن و ڕەخنە لە دەوڵەت و حیزب و کۆمەڵگا بگرن و هەمیشە خوێدننەوەیەکی ڕەخنەگرانەیان بۆ شتەکان هەبێ و، کۆمەڵێکی تریشیان زانست و فیکر نابود بکەن و ڕەخنە نەگرن و فێری خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە نەبن و ستایشی حیزب بکەن. ئەلبەتە لەناو کۆمەڵەی دووەمدا بڕێکی زۆر کەم هەن کە خاوەنی

خوێندنەوەیەکی رەخنەگرانەن بەڵام لەبەر ئەوەی لەزانکۆ دەرنەکرێن یا لەلایەن حیزبەوە راو نەکرێن و ئازار نەدرێن خۆیان بێدەنگ کردووە و هیچ هەڵوێستێ نانوێنن.

هەڵوێست وەرنەگرتنی مامۆستاکانی زانکۆ لەگەڵ هەڵوێست وەرنەگرتنی تەواوی توێژی رۆشنبیراندا یەکیان گرتۆتەوە و ئەم کارەش زیاتر لە ئاکامێکی خراپی بەسەر سەرجەمی کوردستان و داهاتووی کوردستانەوە دەبێ کەچەندین سالە خەبات دەکات. من لەوە ناگەم، شەو و رۆژ دەڵێن کوردستان دیموکراتییە و یەکێك نالێ بۆ حیزبە کوردییەکان لەکۆنگرەی ئۆپۆزیسیۆنی عیراقیدا واز لە سێ جێگای خۆی دەهێنێن و دەیدەنە ئەو کەسانەی هەڵەبجەیان وێران کرد و ئەنفالیان سازکرد. کەس نالێ بۆ وەفیق سامەڕائی دووبارە دەهێننەوە بۆ کوردستان بۆ ئەوەی لەکۆبوونەوەکاندا بەشدار ببێ. کەس نالێ بۆ بەگوڕ بەرگری لە وەفیق و نەزار خەزرەجی دەکەن. ئەگەر ئەوان پیاو چاکن بۆ کەس و کاری ئەنفالکراوەکان کۆدەکەنەوە و دەیانبەنە بەر رێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان. ئەی بۆ کەس لەدژی هاتنەوەی وەفیق نارەزایی دەر نابڕێ و دەیەها پرسیاری دیکەی لەم بابەتەش.

دەبێ خوێندکاری کورد بەو گیانە پەروەردە بکرێت لەگەڵ خوێدنەوەی هەر دەقێکدا چاوێکی رەخنەگرانەی هەبێ، نەك خوێدنەوەکە لەبەر ئەوە بێت وەکو تووتی بۆ مامۆستای بڵێتەوە یا لەتاقیکردنەوەکاندا وەکو خۆیان بیانووسێتەوە. من پێم وایە تاقێکردنەوەکان بوونەتە شتی هەرە سەرەکی لە زانکۆکانی ئێمەدا و بەو پێوەرە خوێندکارەکان رەوانەی پۆلێکی تر دەکرێن. لەبنەڕەتدا ئەم پێوەرە زۆر سەقەتە و من خۆم وەکو مامۆستایەك لەقوتابخانەی سەرەتاییشدا بەکاری ناهێنم و نایکەمە پێوەر بۆ ئاستی قوتابیەکانی خۆم، چونکە سیستەمە پەروەردەییە نوێکان رێگەی ئەوە نادەن و بەباشی نازانن. رەنگە ئەگەر هەموو خوێندکارێك تووتییەکی زیرەکی لەماڵەوە هەبوایە و بۆی هەبوایە بیباتە ژووری تاقیکردنەوەکانەوە کەس لەتاقیکردنەوەکاندا نەکەوتایە.

بەبەراورد لەگەڵ زانکۆکانی ئێمەدا لەپلانی خوێندنی قوتابخانە سەرەتاییەکانی سویدا هاتووە: قوتابی دەبێ زانستی تازەی نخرێتە بەردەم و فێری ئەوە بکرێ کە خوێندنەویەکی رەخنەگرانەی هەبێ بۆ تێکستەکان و بۆ ژیانی رۆژانە و یارمەتی بدرێ بۆ ئەوەی توانای داڕشتن و شیکردنەوەی دەقەکانی هەبێت و بەشێوەیەکی یەکسان، بەبێ ئازار دان و سەرزەنشت کردن، مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ. قوتابی دەبێ لەڕێگەی دیالۆگی دیموکراتییانەوە رابهێنرێت بۆ ئەەوەی بتوانێ لەگەڵ کۆمەڵگایەکی دیموکراتیدا مامەڵە بکات. دەبێ پێوەر و رەهەندەکانی زانستەکان نخرێنە بەرچاو و قوتابیەکان بەوە رابهێنرێن کە تێڕوانینی تایبەتی خۆیان لەسەریان هەبێ. دەبێ لەهەر شتێکدا کە دەکرێ قوتابی نخرێتە سەنتەرەو و هەموو شتەکان لەبەرژەوەندی ئەواندا بێت. زانست دەبێ بەرهەم بهێنرێ و هەرگیز نابێ لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دی بگوێزرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێ پەنا ببرێتە شێوازە نوێکانی وانە ووتنەوە. . . هتد.

ئەم چەند دێڕەی سەرەوە چەند خاڵێکی زۆر کورتی ئەو پلانەیە کەسوید لەساڵی -1994 -دا بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکانی داناوە. من لێرەدا شەرم دەکەم پلانی زانکۆ نخەمە بەردەست چونکە زانکۆکانی ئێمە هێشتا ئەو خاڵانەی سەرەوەی پیادە نەکردووە. نەك هەر ئەوە لەهەندێ بواردا نەیتوانیوە پلانی باخچەی منالانیش پیادە بکات. بۆ نموونە لەپلانی باخچەی منالانی سویدا کە ساڵی 1998 ئامادە کراوە هەندێ خاڵی لەم بابەتانە نووسراوە: باخچەی منالان دەبێ پەرە بەتوانای منالەکان بدات بۆ ئەوەی توانای ئەوەیان هەبێ لەئاستی بەرپرسیارێتیدا بن. باخچەی منالان دەبێ لە خۆبوردویی و هاریکاری لەو منالانەدا بچێنێ و وایان لێبکات کە کراوەبن و بیر لەوانەی دەوروبەری خۆیان بکەنەوە و رێز لەبیروڕا جیاوازەکان و جۆری ژیانی کەسە جیاوازەکان بگرن. منالان دەبێ لەڕێگەی جیاواز جیاوازەوە بتوانن پەرە بەخۆیان بدەن و زمانی گفتوگۆ لەگەڵ دەورو بەرەکەیاندا بەبێ جیاوازی پەیدا بکەن. دەبێ فێری دۆزینەوەی شتی نوێ ببن و توانای شیکردنەوەو هەڵوێست وەرگرتن و دیالۆگ و. . . هتد ببن.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە چەند لەم خاڵانەی باخچەی منالان لە زانکۆکانی ئێمەدا پیادە دەکرێ و هەوڵی بۆ دەدرێ؟

مەبەستی من لەنووسینی ئەم وتارە کورتە سەر پێییە ئەوە نیە کە مامۆستایانی هێژا تووڕە بکەم یا لەپلەو پایەیان کەم بکەمەوە. چونکە ئەو سیستەمەی ئەمڕۆ لە کوردستاندا پیادە دەکرێ عیراق دایڕشتووە و گوناهی ئەوانی تیا نیە. بەڵام من زیاتر مەبەستم ئەوەیە ئەوان هاوبەشی ئەوە ناکەن کە سیستمێکی نوێی ئەوتۆ بێتە ئاراوە کەشایەنی کۆمەڵگایەکی هەزارەی سێهەم بێت. مەبەستم ئەوەیە ئەم وتارە هاندەرێك بێت لەوەی ئەوان فێری هەڵوێست وەرگرتن ببن و داکۆکی لەمەسەلە بنەڕەتییەکانی زانکۆ و خوێندکارەکان بکەن. لەمێدیاکاندا بنووسن و بڵێن نا حیزب بۆی نیە ئازاری خوێندکارەکانی ئێمە بدات و لەبەر ئەوەی مانیان گرتووە و داوای نەوت و سۆبایان کردووە. یەکێك لە خوێندکارەکان لەنامەیەکی ئیمەیلدا بۆی نووسیووم ئەگەر ئێمە (واتە خۆێنکاران) لەدژی ئەوە مانمان بگرتایە کەوا سەرکردەی کورد یەکێك لەگرنگترین مەسەلە نەتەوەییەکانی ئێمە (کە مەسەلەی کەرکووکە) لەلەندەن فەرامۆش کردووە، ئەودەمە چییان لێ دەکردین؟ چەند لە مامۆستاکانی ئێمە بەتەنگمانەوە دەهاتن و دەیانووت راست دەکەن؟ خوێندکارێکی ماستەر لەزانکۆی سلێمانی بەر شەق و زللە دەدرێ و هیچ مامۆستایەك لەوێ هەڵوێست ناگرێ؟

من بەشێوەیەکی بەحاڵی خۆم لە خوێندکاری زانکۆکانی کوردستانەوە کەم تا زۆر لەڕێگەی ئینتەرنێتەوە نامەی گلەیی و گازندەم پێدەگات کەمایەی خۆشحاڵی منە. ئەو نامانە بایەخێکی یەکجار گرنگیان بۆ من هەیە و زۆر جار لەنووسینەکانی خۆمدا سودیان لێدەبینم و بەهیوام ئەو خوێندکارانە کە کەسیان ناناسم لەو نامە ناردنانە بەردەوام بن. ئەمە نامانە بۆ خۆیان گەواهی ئەوە دەدەن کە بۆشاییەکی گەورە لەنێوان زانکۆ و خوێندکاراندا هەیە. نیشانەی ئەوەن نە زانکۆ و نە رێکخراوە بەدەسەڵاتەکانی خوێندکاران هاو خەمی ئەو خوێندکارانەن. ئەوەی لێرەدا جێگەی دڵخۆشکەرییە تاك و تەراش

بێت ڕۆژنامەی ئازاد لە کوردستاندا هەیە و بوێرانە ڕەخنەدەگرن، بەڵام لەلایەن دەسەڵاتی کوردییەوە بە بەردەوامی ڕاو دەکرێن و هەڕەشەیان لێ دەکرێ و ڕۆژنامەوانەکان زیندانی دەکرێن و ڕاپێچی دادگاکان دەکرێن و ناچار دەکرێن پاشگەزنامە بنووسن. بەناوی یاساوە و لەڕێگەی (حكم مع وقف التنفيذ) ەوە ئەو پەیامەیان دەخرێتە بەردەست کە نابێ لەو خەتە سوورە تێپەڕن.

یەکێك لەداواکاری خوێندکارەکانی زانکۆی سەلاحەدین ڕێزگرتنی ئەو مامۆستا- یانەیە کە لەدەرەوە دێنەوە. ئەوانەی لەدەرەوە دێنەوە لەڕێگەی دان پێنەنان بە بڕوانامەکانیان یا بەکەم زانینیان ڕاو دەکرێن. بۆ یەکێ ماستری لە ڕۆژئاوا وەرگرتبێ لە زانکۆی سلێمانی لەگەڵ بڕوانامەی بەکەلۆریۆسی کوردستاندا بەرابەر بکرێت؟ بەکالۆریۆسی عیراق لە ڕۆژئاوا بەدوو ساڵ بۆمان دەژمێرن و دەبێ دوو سالی تریش بخوێنین بۆ ئەوەی لەگەڵ بڕوانەمەکانی ڕۆژئاوادا بەرابەر ببن. من بەدڵنیاییەوە دەڵێم خوێنکارێکی بەکالۆریۆسی ڕۆژئاوا زۆر شارەزاترە لە خوێندکارێکی ماستەری عیراق و کوردستان، ماستەرێك زۆر زۆر شارەزاترە لە دوکتۆرایەکی عیراق و کوردستان. من ئەمە لەبەر ڕۆشنایی سیستمی خوێندنی (هیچ نەبێ) ئەو وڵاتەی تێیدا دەژیم دەڵێم. ئەمەش تاوانی کەسی تێدا نیە، بەڵکو مەسەلەکە لەودایە سیستمی ڕۆژئاوا لەگەڵ سیستمی ڕۆهەڵاتدا جیاوازییەکی یەکجار زۆری هەیە. ڕەنگە خوێندکارێکی بەکالۆریۆسی کوردستانیش لە ماستەرێکی سۆمال و ئەفغانستان زیرەکتر بێت، ئەمەش ڕاستە. بۆ بێ چەند و چون دان بەماستەرێکی مۆسکۆ یا بەغدادا (بەو ئاستە نزمەوە) بنرێ بەڵام گومان بخرێتە سەر ماستەرێکی ڕۆئاوایی.
من بەگومانم لەوەی بەشی هەرە گەورەی ئەو کەسانەی ئەمڕۆ دەستیان بەسەر کاری زانکۆدا گرتووە، توانای ئەوەیان هەبێ سیستمی پەروەردەیی و زانکۆ ڕیفۆرم بکەن. نەك تەنها لەبەر ئەوەی حیزب ئەو بوارەیان نادات، بەڵکو لەبەر ئەوەی ریفۆرم کردنی زانکۆ پێویستی بەوە هەیە شارەزاییەکی باشت لەکولتور و بەرهەمی فیکری ڕۆژئاوا ببێ، شارەزاییت لەبەرهەم هێنانەوەی فیکر و زانستدا هەبێ و. . . هتد ئەمیش لای بەشێکی یەکجار کەم دەست دەکەوێ و ئەوانەش ڕێگەیان پێنادرێ و ئەو کارەیان هەرگیز پێ ناسپێردرێ.

**تێبینی کوردستان نێت:**

مەرج نیە ئەم نووسینە لەگەڵ بیرو بۆ چونی نەتەوایەتیماندا بێت، کە بۆچونی (کوردستان نێت)ە، بەڵام بەهۆی بڕوا بوونمان بە ئازادی دەربڕینەوە، بڵاویدەکەینەوە..... لەگەڵ ڕێز و خۆشەویستیماندا بۆ پارێزەرانی بیری نەتەوایەتی و خەباتکارانی ئەم ڕێگەیە.

ئەم تێبینیە لە ژێر هەموو نووسێتێکدا دەنووسرێت.......... ١٥-١-٢٠٠٣

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت